# حکومەتی مالکی:

## لەزیندانەکانی وەزارەتی داخلیەوە، بۆ ئیغتصابی ژنان!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk



ئەم رۆژانە هەواڵی ئیغتصابی ئافرەتێك بەناوی صابرین، لەلایەن ئەفسەرانی وەزارەتی داخلی حکومەتەکەی مالکی یەوە میدیای عیراقی و عەرەبی داگیرکرد، ئەحساسات و نیگەرانی خەڵکی ئینساندۆست و شەرافەتمەندی هەژاند، ئەمە یەکەمین جارنیە لەماوەی چوار ساڵی دەسەڵاتی ئەم دەستەو تاقمە قەومی و ئیسلامیانەی حاکمانی عیراقیدا ژنان دەبنە قوربانی سیاسەتی دژی ژنانەیان، بەڵکو پێشتریش بەسەدان ڕوداوی لەم جۆرەو جۆری تریان دژی ژنان ئەنجامداوە، بەلام ئەوەی جێگای سەرنجی دنیاو میدیاکانە، ئەوە بۆ یەکەمین جارە کەچوارچێوەی عادات و تەقالیدی کۆنەپەرستانەی کۆمەڵگا لەلایەن ئەم ژنە زۆرلێکراوەو ئەشکێنرێ و هاوار دەکات کە ئیغتصاب کرام!، لە چاوار ساڵی رابردودا بەهەزران لەژنان بونە قوربانی سێکسیزمی ئیسلامی و پیاوسالاری، بەلام لەبەر ئەوەی کەتەقالیدی کۆمەڵگا قبوڵناکات ژنان ئاشکرای بکەن و لەلایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی ژنان شەرەفی خێزانەو بەو کارە شەرەفی ئەرِوشێ یان حەیای بنەماڵەکەیان دەچێت، یان ئەو کارەساتە دەبێتە هۆی کوشتنی ژنەکە، بۆیە تا قیامەتی ئیسلامیەکان، ژنەی ئیغتصاب کراو ئەو سرە لەگەڵ خۆێدا بباتە گڵەوە. خاڵی دوەم ئەوەبوو کەمالکی و وەزارەتەکەی و سەرجەم سەرانی دەوڵەت ویستیان ڕووی رەشی خۆیان و هەموو وەزارەت و حکومەتەکەیان سپی ڕاگرن بەحاشاکردن لەو کارە وەحشی و دژی ژنەی کەئەفسەرانی هێزی پارێزگاری نیزامی حکومەتەکەیان ئەنجامیانداوە.

بەدرێژایی چوار ساڵی ڕابردوی دەسەلادارێتی ئەحزابی ناسیونالیستی و ئیسلامی عێراقی حکومەتی ناجێگیری دەستکردی ئەمریکا، ملیشیا چەکدارەکان کە کۆنترۆڵی وەزارەتەکانی حکومەتی عیراقیان کردوە، سەرچاوەیەکی کوشت و بڕو کاولکاری بوون، زۆرێك لەوانەش کەبەرِۆژ ئەفسەرو پۆلیسن، بەشەو بەشێکی چەکداری میلیشایی بکوژانی خەڵکی بیتاوان و ژنانن، یان ئەوەیە میلیشیای شیعەن و کۆنترۆڵی وەزارەتێکیان کردوە وەك وەزارەتی داخلی و بۆخۆیان قەسابخانەیەکیان داناوە بۆ خەڵك بەفتواو کوشتن و هەرەشەی ژنان بەئاشکرا، وە بەشێکی فرقەی مەوتیشیان پێکهیناوەو خەڵك سەرنگون دەکەن و ڕۆژانە لاشەی دەیان دەستوچاوبەستراوی کوژراو دەدوزرێتەوە، دەیان ژن ئەکوژرێت و ئیغتصاب دەکرێت، یان لەزیندانەکانی وەزارەتی داخلی حکومەتەکەی مالکیدا لەژێر تەعزیبدا دایاندەرِزێنن، کەشفبونی دەستیان بەتیابەت بەدوای فەزاحەتەکانی زیندانەکانی چادریەی بەغداو ئەبوغریب و باقی زیندانەکانی ژێردەستی هێزەکانی ئەمریکادا دێت، کەپەڵەیەکی ڕەشی بەنێوچەوانی ئازادی و دیموکراتیەتەکەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە لەعیراقدا دروستکرد.

هێشتا خەڵکی عیراق لەترس و دڵەراوکێی ئەو زیندانەو کوشتن بەپێی هەویەتی و تەقاندنەوەی کوێرانەی باندە ڕەنگاو رەنگە تیرۆریستیە ئیسلامیەکاندان کەکەم خیزانی لەجلی لەرِەش لەبەرکردن دەرکردوە بەکوژرانی ئازیزەکانیان، فرِاندنی کچان و زەواجی متعەو صیغەی نقلکراوی جمهوری ئیسلامی ئیران لەرێگای باندە ئیسلامیە دەستکردەکانیەوە، حورمەتی ئینسانی ژنانی بەشەریعەتە ئیسلامیەکانیان سوك کردوە. هەموو ئەوانەو بوونی حیجاب و ترس و دڵەراوکێ لەهەرچونە دەرەوەیەك تا دەگەرێنەوە ماڵەوە، نەبونی ئاوو کارەباوو سوتەمەنی و نەبونی کار، بەلام هاوکاتی ئەمانە ئەو هێزەی کە ئەمریکاو حکومەتە دەستکردەکەی لەعێراقدا ناویان ناوە هێزی پارێزگاری نیزامی حکومەت، هێرش دەکەنە سەر ژنان و کچان و ئیغتصابیان

دەکەن، ئەم ڕوداوە لەکاتێکدا ڕوو دەدات، کەهێشتا ڕوداوی سێ کچە قوتابیەکەی بەغدا بیرنەکراوە کەلەلایەن ئەفسەرانی وەزارەتی داخلی بەچەند کەس ئیغتصابیان دەکەن، بەلام ئەمجارەیان شانسی صابرین و ژنانی عیراق باشتربوو، کە دوای ئیغتصابەکە صابرینیان نەکوشتبوو، بۆ ئەوەی کەمێك لەکردەوەی رەزیلانەو دژی ئینسانی باندەکانی حکومەتی مالکی ئاشکراو ریسواتر بکرێت، بەلام مالکی و وەزارەتەکەی لەگەڵ دەمکردنەوەی ئەم هەواڵەدا دەمیان دەکەنەوەو روداوەکە بەناراست و دروستکراو لەقەڵەم دەدەن ، بەلام هەرزوو ئاشکرا بوو کەئەم فەزیحەتەی حکومەتەکەی مالکی ڕاستەو بۆ تاکیدی زیاتر کۆملەڵێك پشکنینی پزیشکی بۆ صابرین دەکرێت، هاوکاتیش بۆ پاڵپشتی ڕاستی ئەم هەواڵە لە هیرش بۆ سەرژنان و ئیغتصابکردنیان، ژنێکی تر بەناوی واجدە محمد امین، کەخەڵکی شاری تەلەعفەرەو لەلایەن هیزەکانی ئاسایشەوە بەجەماعی ئیغتصابی دەکەن، کە ناوبراو هاوسەرەکەی لەزیندانەکانی مالکیدایە، ئیتر هیچ مەجالێکی بۆ مالکی و حکومەتەکەی نەهێشتەوە بۆ بەرگری لەخۆکردن.

هەتا گریمان ئەم هەوالانە وەك باقی ئەو سەدان و هەزران هەواڵەی کارەساتی ئیغتصاب و کوشتن و مەمك و لوتوگوێی بڕینی ژنان کەڕۆژانە لەسەرتاسەری عیراقدا ئەنجام دەدرێت و ڕۆژانە لاپەرەی میدیاکانی عیراق و کوردستان ڕەشدەکەنەوە، هەمووی لەلایەن سەرانی حکومەت و حیزبە قەومی و ئیسلامیەکانەوە، ئینگاری لێبکرێت و پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، بەلام یەکەمین شت ئەوەیە کە خەڵکی هیچ خۆشخەیاڵ و ئاسۆیەکیان لەحکومەتانێکی لەم جۆرە لەوە زیاتر نیە، تا قسەیان لەسەر بکەن یان بەشان وتباڵیاندا هەڵبدەن، جگە لەگەندەڵی و دەیان جۆر لەفەسادی ئیداری، یان کوشت و کوشتارو زیندانی و ئیغتصابی ژنان، بەکورتی چاوەراوانی ژنان لەوەزیاتر نیە کەئەوە ئەگەرچی حکومەتێکی بەناوە بەلام حکومەتێکی دژی ژنە.

ئەوان پێش هەموو شتێك دەوڵەتێکی دژی ژنن کە ئەوە واقعیە بەوەی کەدەوڵەتەکەیان ئیسلامیە، دەستورەکەیان پاییەکی ئەساسی شەریعەتی ئیسلامە، هەر لەیەکەمین هەڵبژاردندا ڕێژەی ژنانیان دیاری کرد بەکەمترین ئاست، زۆربەی سەرانی حکومەتەکە بەقەومی و ئیسلامیەوە، بەکوردو عەرەب و تورکمانەوە، چەند ژنە ئایدۆلۆژی و ئەفکاریانی داگرتوە.

بۆیە خەڵکی عیراق و کوردستان ناتوانن چاوەروانیەکی لەوە زیاتریان لەو دەستەو تاقمە قەومی وعەشیرەتی و ئیسلامیە چەقۆکێشانە لەوە زیاتر هەبێت، کە ژنان بەهیچ نازانن و نەك بەرنامەیەکیان بۆباشترکردنی هەلومەرجی ژنان نیە، بەڵکو خۆیان و باندەکانیان بەڵان بەسەر ژنانەوە، خۆیان سەرچاوەی کارەسات و مەئەساتەکانی ژنانن. ئەگەر مێژووی کارنامەی بەشێك لەحیزب و سەرانی حکومەتەکەی مالکی بەئاشکرا لەماوەی 4 ساڵی رابردودا کوشت و بڕ و تۆقاندن و تەجاوز بیت بەژنان، ئەوە دەستەو قاقمەکەی تری حکومەتەکی مالکی کەحیزبە کوردی و ئیسلامیەکان پێکدەهێنن ئەوا لە16 ساڵی ڕابردودا کارنامەی دژی ژن بونیان ئاشکرایە، و قەسابخانەیان بۆ ژنان داناوەو زیاتر لە 35000 سی و پێنج هەزار ژن لە کوردستاندا کوژراوەو سوتاوە، ئەمە ئەگەر حکومەت و حیزب و دەسەلادارێتی دژی ژن نیە ئەی ناوی ئەنرێ چی؟

هەموو ئەوانە ئەگەر کارنامەی ڕەشی حکومەتی مالکی و وەزارەت و حیزبەکانی ناو حکومەتەکەی و میلیشیاکانی دەوری بێت، ئەگەر دژی ژن بوون بەشێکی زۆر لەدەستورو ئەفکارو سیاسەت و کاری ڕۆژانەیان داگیربکات، ئەوا هەموو ئەو ڕاستیانە بەیانی حکومەت و ئەحزاب و لایەنی دژی ژنی ئەوان بەیان دەکات، ئەوەی کەدەمێنێتەوە لەبەردەم خەڵکی عیراق و کوردستان و بەتایبەت ژناندا ئەوەیە کەخۆیان لەتەوقی ئەو حیزب و حکومەتانە رزگار بکەن و لەدەوری پەرچەم و کارو چالاکیەکانی بەرەی رادیکال و ئینسانی و چەپ کۆببنەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێشرەوایەتی دەکات و ئالای یەکسانی ژن و پیاوی بەئاشکراو بیئەملاو بەرزکردۆتەوە.